له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بەڵگەكانی

# خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ

# لە نێوان سوننەت و بیدعە دا

دلائل محبة الرسول ﷺ

بين السنة والبدعة

**نوسینی** / أحمد بن عبد الرحمن الصويان

**وەرگێڕانی** / زریان سەرچناری

-------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

خۆشەویستی پێغەمبەرﷺ یەكێكە لە بنەما هەرەگەورەكانی ئایینەكەمان، وە ئەو موسوڵمانەی كە خۆشەویستی پێغەمبەرﷺ لەدڵ و دەرونیدا نەبێت و لەخۆی و منداڵ و باوك و هەموو كەسی خۆشترنەوێت ئەوا دیارە كە ئیمانی دانەمەزراوە چونكە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٤ ﴾ [ التوبة: ٢٤].

واتە: (ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە باوك و ڕۆڵەكانتان و براكانتان و هاوسەرەكانتان و عەشرەتەكەتان و ئەو سەروەت و سامانەی كە كۆتانكردۆتەوە، وە بازرگانیەك كە لە تیاچونی دەترسن، وە كۆشك و تەلارێك كە خۆشحاڵن پێی، خۆشتردەوێت لە خواو پێغەمبەرەكەی و جیهادكردن لە پێناویدا، ئەوا چاوەڕوان بن هەتاكو خوای گەورە فەرمانی خۆیتان بۆ دەردەكات، وە خودا ڕێنمونی كۆمەڵی یاخی بوو ناكات ).

لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا ( قَاضي العِياض ) دەڵێت: ئەم ئایەتە بەسە بۆ بونی بە بەڵگە و ئاگاداركەرەوە لەسەر خۆشویستنی پێغەمبەرﷺ وە بە گەورەدانان و بە واجب زانین و هێنانە دی ئەو خۆشەویستیە، چونكە خوای گەورە بەتایبەتی باسی

ئەو کەسانەی کردوە کە سامان و کەسوکارو منداڵەکانیان خۆشتردەوێت لە خواو پێغەمبەرەکەیﷺ، وە وەکو هەڕەشەیەك پێیان دەفەرموێت: ﴿فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأْتِيَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ﴾ وە لە کۆتایی ئایەتەکەیشدا بە فاسیق ناویان دەبات و پێیان ڕادەگەیەنێت ئەوان لەو کەسانەن کە گومڕابون و هەرگیز خوا هیدایەتیان نادات.[1]

وە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ٦﴾[الأحزاب:٦]. واتە:( پێغەمبەر لەپێشترە بۆ ئیمانداران لە نەفسی خۆیشیان ).

پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێت: ( لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ ).

واتە:( ئیمانی کەستان تەواونیە هەتاکو منی لە باوك و منداڵ و هەمووکەسی خۆشتر نەوێت ).[2]

هەروەها فەرمویەتی:( وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ , وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ).

واتە: (بەوزاتەی گیانی منی بەدەستە، ئیمانی کەستان تەواو نییە هەتاکو منی لە باوك و ڕۆڵەکانی خۆشترنەوێت ).[1]

---

[1] الشفا بتعريف أحوال المصطفى ٢/١٨.

[2] البخاري ١/٥٨، ومسلم ١/٦٧.

وە ( عَبد الله ی کـوڕی هِشـام ) دەفــەرموێت: لەگــەڵ پێغەمبــەردا بــووین وە پێغەمبـەرﷺ دەسـتی( عُمر ی کـوڕی الخَطّاب )ــی گرتبـووﷺ، ئـیتر عومـەر پێـی گوت: ئەی پێغەمبەری خواﷺ من تۆم لە هەموکەس خۆشتردەوێت تـەنها لـە خـۆم نەبێت، لە وەڵامـدا پێغەمبـەرﷺ فـەرموی: (لا وَالّذي نَفسي بِيَدِهِ حَتّى أكونَ أحَبَ إليكَ مِن نَفسِكَ ).

واتە:( بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە – ئیسلامەتی – بەو شـێوەیە نابێـت، هەتاکوو منت لە خۆشت خۆشترنەوێت )، ئیتر عومـەر گـوتی: دەی سـوێند بـەخوا ئێستا تۆم لە خۆشم خۆشتر دەوێت، پێغەمبەرﷺ فەرموی: ( الآنَ يا عُمر ) واتــە:( ئێستا تەواوە ئەی عومەر )[٢].

---

[١] أخرجه البخاري (١/٥٨).

[٢] أخرجه البخاري( ١١/٥٢٣)

## نیشانەكانی خۆشویستنی پێغەمبەرﷺ

خۆشەویستی كارێكە لـە كارەكـانی دڵ وە بیروباوەڕێكـە لـەناو دڵدایـە، بـەڵام بەڵگـەو شـوێنەوارەكانی لـە هەڵسـوكەوت و كردەوەكـانی مرۆڤـدا دەردەكـەوێت، هەندێك لەو نیشانانەش ئەمانەی خوارەوەن.

### یەكەم : ڕێزگرتن و بەگەورەدانانی پێغەمبەرﷺ :

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ٩﴾ [الفتح:٨ و ٩].

واتە:(بەڕاستی تۆمان بە شایەت و مژدەدەرو ترسـێنەر نـاردووە، تـاكو ئێـوە بڕوابێنن بە خـوا و پێغەمبـەری خـوا، **یارمـەتی بـدەن و ڕێـزی لێبگـرن**، وە هـەموو بەیانیان و ئێوارانێك تەسبیحاتی خوا بكەن ).

( ئیبنو تەیمییە، گوتویەتی: التَّعْزِيرُ: اسْمٌ جَامِعٌ لِنَصْرِهِ وَتَأْيِيدِهِ وَمَنْعِهِ مِنْ كُل مَا يُؤْذِيهِ ، وَالتَّوْقِيرُ: اسْمٌ جَامِعٌ لِكُل مَا فِيهِ طُمَأْنِينَةٌ وَسَكِينَةٌ مِنَ الإجْلاَل وَالإِكْرَامِ ، وَأَنْ يُعَامَل مِنَ التَّشْرِيفِ وَالتَّكْرِيمِ بِمَا يَصُونُهُ عَنْ كُل مَا يُخْرِجُهُ عَنْ حَدِّ الْوَقَارِ).[١]

واتـە ( التعزير ) نـاوێكی كۆكەرەوەیـە، بەواتـەی سەرخسـتن و پشـتگیری و بـەرگری كـردن لـە هـەموو شـتێك كـە ببێتـە مایـەی ئـازاردانی، وە (التوقير ) یـش

[١] الصارم المسلول على شاتم الرسول ص٤٢٢

ناوێكی كۆكەرەوەیە، واتە هەموو ئەوشتانەی كە هێمنی و دڵنیایی و بەگەورەدانان و ڕێزلێنانی تیایە، هەروەها بەشێوەیەك هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكرێت، كە بەگەورە دابنرێت و ڕێزی لێبگیرێت و بپارێزرێت لە هەموو شتێك كە لە سنوری ویقارو شكۆمەندی دەریبكات ).

## ڕێزگرتن لە پێغەمبەرﷺ چەند نیشانەیەكی هەیە :

### ١– دەنگ بەرز نەكردنەوە بەسەر دەنگیدا:

لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ٢ ﴾ [ الحجرات: ٢ ].

واتە:( ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە، دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا بەرز مەكەنەوە، وە بە شێوەیەك دەنگ هەڵمەبڕن لەگەڵ ئەودا وەكو ئەوەی كە لەناو خۆتاندا گفتوگۆ دەكەن، نەكو بەوكارەتان كردەوە باشەكانتان پوچەڵ ببێتەوەو ئاگاتان لێنەبێت ) .

وە لە ( سَائِب ی كوڕی یَزید )ەوە گوتویەتی: ( لە مزگەوت ڕاوەستابووم، یەكێك دەنكەچەوێكی تێگرتم، كە سەیرم كرد ( عُمر ی كوڕی الخَطّاب )ە، پێی

گوتم، ئا برۆ ئەو دوو پیاوەم بۆ بێنە، منیش چوم دوو پیاوەکەم بۆ برد، ئیتر پیی گوتن: ئێوە کێن یان خەڵکی کوێن؟ گوتیان خەڵکی (طَائِف)ین، ئەویش گوتی ئەگەر خەڵکی ئەم شارەی خۆمان بونایە ئەوا سزایەکی باشم دەدان، چۆن لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ دەنگ بەرز دەکەنەوە؟ ).[1]

**٢- صەڵاوات دان لەسەری ﷺ :**

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦ ﴾[ الأحزاب: ٥٦].

واتە ( بەڕاستی خواو فریشتەکانیشی صەڵاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر، دەسا ئیمانداران ئێوەش صەڵاواتی لەسەر بدەن ). لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ( عَبداللە ی کوڕی عَبّاس ) دەفەرموێت: ( يُصَلُّونَ ) واتە (يُبرّكون ) داوای بەرەکەتی بۆ دەکەن.[2]

---

١ أخرجه البخاري( ١/ ٥٦٠).

٢ أخرجه البخاري تعليقاً مجزوماً به (٥٣٢/٨).

ئەم فەرمانەی خوای گەورە بە ئیمانداران کە دەفەرموێت صەڵاوات بدەن لەسەر پێغەمبەرﷺ بۆ واجب بونە، هەر بۆیە پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی : ( البَخيلُ مَن ذُكِّرتُ عِندَهُ فَلَمْ يُصَلِ عَلَيَّ )[١].

واتە ( بەخیل وچروك ئەو کەسەیە کە ناوی منی لەلا ببەن و صەڵاواتم لەسەرنەدات ).

هەروەها فەرمویەتی: ( رَغِمَ أَنف رَجُلٍ ذُكِّرتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ )[٢].

واتە: ( لوتی بە خۆڵداچێ ئەوکەسەی کە ناوی منی لەلا ببەن و صەڵاواتم لەسەر نەدات ).

## دووەم : بەرگری کردن لە خۆی و لە سوننەتەکانیﷺ :

لە ڕاستیدا بەرگری کردن لە پێغەمبەری خواﷺ و سەرخستن و پشتگیری کردنی، یەکێکە لە نیشانە هەرەگەورەکانی خۆشویستن و بە گەورەدانانی، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾﴾ [ الحشر: ٨].

---

[١] أخرجه أحمد (٢٠١)، والترمذي( ٥/٥٥١)

[٢] أخرجه أحمد( ٢/٢٥٤)، والبخاري في الأدب المفرد( ص ٢٢٠)، والترمذي( ٥/٥٥٠).

واتە:( –دەسکەوتی جەنگ–بۆ ئەو کۆچەرە هەژارانەیە، کە لە ماڵ و شوێنی خۆیان دەرکراوون، وە تەنها چاوەڕوانی فەزڵ و ڕەزامەندی خوا بوون، **یارمەتی خواو پێغەمبەرەکەیان دەدا**، ئا ئەمانە ڕاستگۆن – لەگەڵ خوای خۆیان – ).

وە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ڕەزای خوایان لە سەربێت، سەروەری و بەسەرهاتی زۆریان تۆمارکردووە دەربارەی ڕاستگۆیی و داکۆکی کردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ، وە بەخشینی ماڵ و منداڵ و نەفسی خۆیان لە پێناویدا لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، کتێبی ژیاننامەکانیان پڕن لە چیرۆك و هەواڵ و بەسەرهاتی وا کە ئەوپەڕی خۆشەویستی و لەخۆبوردنیانی تێدایە بەرامبەر پێغەمبەری خوا ﷺ، چەندە جوانە ئەو هەڵوێستەی ( أَنَس ی کوڕی نَضر ) کاتێك کە لە ڕۆژی ( أُحُد ) دا، موسوڵمانان کەوتنە تەنگانەوە، ئەویش گوتی : ئەی خوایەگیان من داوای لێبوردنت لێدەکەم لەوەی کە ئەم (موسوڵمانانە) کردیان، وە پاکانەی خۆم لەتۆ داوادەکەم لەوکارەی کە ئەم ( هاوبەش پەیداکەرانە) کردیان، پاشان بەرەو پێش ڕۆیشت و ( سَعد ) ی بینی و گوتی: ئەی (سَعد ی کوڕی مُعاذ ) ئەها، بەهەشت، بە پەروەردگاری ( نَضر ) بۆنی بەهەشت دەکەم، کەسی تر بۆنی ناکات من نەبێت، وە (سَعد ) ( کە بۆ پێغەمبەری دەگێڕایەوە) گوتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نازانیت چی کرد؟؟ ( أَنس ی کوڕی مَالك ) دەڵێت: کە لاشەکەیمان بەکوژراوی دۆزیەوە، هەشتاو ئەوەندە شوێنی شمشێر و ڕم و تیری پێوە بوو، سەرەڕای ئەوەش

هاوەڵپەیداکەرەکان لاشەکەیان ئەتك کردبوو کەس نەیدەناسیەوە خوشکەکەی نەبێت کە بە سەری پەنجەکانیدا ناسیەوە[1].

هەروەها داکۆکی کردن لە سوننەتەکانیشی پاراستن و بژارکردنیەتی، وە پارێزگاری کردنیەتی لە (انْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ و تَحْرِيفَ الْغَالِينَ وَ تَأْوِيلَ الْجَاهِلِينَ) واتە:( دینداری کردنی بەتاڵەکان، ماناگۆڕینی زیادەڕەوەکان، وە لێکدانەوەی نەزانەکان )، وە بەرپەرچ دانەوەی گومانی تانەوتەشەردەران و بێباوەڕانە لە سوننەتەکانی، و ئاشکرا کردنی درۆو پلانەکانیانە، وە پێغەمبەرﷺ دوعای ڕووگەشی کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەم کارە، وەك دەفەرموێت: ( نَضَّرَ اللهُ امرءاً سَمِعَ مِنا شَيئاً فَبَلَغَهُ كَما سَمِعَهُ، فَرُبَّ مُبلّغٍ أَوعى مِن سامِعٍ ).[2] واتە:( خوا ڕەنگوڕوی ئەوکەسە گەشاوە بکات کە شتێکمان لێ دەبیستێت و وەکو خۆی دەیگەیەنێت، چونکە زۆر کەس هەیە کە شتێکی ئێمەی پێ دەگات لەوکەسە باشتر لێی تێدەگات کەبیستویەتی).

ئیتر بەکەم سەیرکردنی داکۆکی کردن لە پێغەمبەروﷺ سوننەت و شەریعەتەکەی، نیشانەی بەرەودواچون و لاوازی ئیمانە یان نەمانی ئیمانە بە تەواوەتی، **جا هەرکەس بانگەشەی خۆشویستنی پێغەمبەریﷺ کردو نیشانەی**

---

[1] أخرجه البخاري (٦/٢١ و ٧/٣٥٤)

[2] أخرجه أحمد (١/٤٣٧)، والترمذي( ٥/٣٤)، وابن ماجة.( 1/85 )

**پەرۆشـی و بەجۆشـی تیانـەبوو بـۆ پاراسـتنی ئـابڕوو و نـاموس و سـوننەتەکانی پێغەمبەرﷺ، ئەوە ئەو بانگەشەیەی تەنها گوتەیەو درۆیە.**

## سێیەم : بەڕاست خستنەوەی گوتەکانیﷺ:

لە بنەما سەرەکییە چەسپاوەکانی ئیسلام، باوەڕبونە بەوەی کە پێغەمبـەرﷺ دورە لــە هەڵەکردنــەوە و ( مَعصـوم )ــە، وە دورە لــە درۆو بوختانــەوە، وە بەڕاستخستنەوەیەتی لە هەرچی هـەواڵێکی پێـداوین دەربـارەی ڕابـوردوو ئێسـتاو داهاتوو، چـونکە خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿وَٱلنَّجۡمِ إِذَا هَوَىٰ ١ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمۡ وَمَا غَوَىٰ ٢ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ٤﴾[ النجم: ١-٤].

واتە:( سوێند بە ئەستێرە کـە ئاوادەبێـت، ئـەم هاوەڵـەتان ( **محمد** ) نـە گـوم بووە و نە ڕێی هەڵەکردووە، وە لەخۆیەوە هیچ ناڵێـت، هەرچـی دەڵێـت لـە لایـەن خواوە نیگای بۆکراوە ).

ئەو پەڕی دڵڕەقی و بگرە ئەو پەڕی بێ باوەڕییـە کـە تانەوتەشـەر بـدرێت لـە پێغەمبــەرﷺ یــان بــەدرۆ بخرێتــەوە، بۆیــە خــوای گــەورەش سەرزەنشــتی هاوەڵپەیداکەرەکانی کـردووە کـە دەفـەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانُ أَن يُفۡتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصۡدِيقَ ٱلَّذِي بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَتَفۡصِيلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٣٧ أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ

بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُواْ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ بَلْ كَذَّبُواْ بِمَا لَمْ يُحِيطُواْ بِعِلْمِهِۦ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُۥ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٩﴾﴾ [يونس: ٣٧-٣٩].

واتە: (ناگونجێت کە ئەم قورئانە کەلامی خوا نەبێت و هەڵبەسترابێت، وە ئەم قورئانە بەڕاستخەرەوەی کتێبە ئاسمانیەکانی پێش خۆیەتی، ڕونکەرەوەی ئەو کتێبانەیە، گومانی تێدانیە کە ئەم قورئانە لەلای خوای جیهانەکانەوە هاتووە، یان دەڵێن (محمد) خۆی هەڵیبەستووە، بڵێ ئەگەر هەڵمبەستووە دەی ئێوەش تەنها یەك سورەت وەك ئەم قورئانە بێنن، بەهاوکاری هەرکەسێك کە دەتوانن داوای یارمەتی لێبکەن جگەلە خوا، ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن، بەڵکو تەنها ئەم قورئانە بەدرۆدەخەنەوە لەبەر ئەوەی لێی حاڵی نابن، ڕاڤەکەیان پێنەگەیشتووە، بەهەمان شێوە ئەوانی پێش ئەمانیش درۆیان دەکرد، دەی ببینە سەرئەنجامی ستەمکاران چۆنە ).

لەم بارەیەوە ڕوداوی سەرنج ڕاکێش هەیە کە گەورەیی و بەڕێزی (ئەبوبەکرو عومەر رضي الله عنهما )، دەردەخات لە بارەی بەڕاست خستنەوەی پێغەمبەرەوە ﷺ، ئەوەبوو جارێکیان پێغەمبەر ﷺ باسی شوانێکی کرد بۆ هاوەڵەکانی، کە گورگ دابوی لە ڕانەکەی و بەرخێکی ڕفاندبوو، ئتر شوانەکە شوێنی دەکەوێت و لێی دەسەنێتەوە، گورگەکەش ئاوڕدەداتەوە بۆ لای شوانەکەو دەڵێت: ئەوە ڕۆژی خۆم بوو کە لێت سەندمەوە، ڕۆژێك دێت کە هەر خۆم ببمە خاوەنی، وە جارێکیان کابرایەك

مانگایەكی پێ دەبێت باری پێ دەگوێزێتەوە، مانگاكە ئاوڕدەداتەوە بۆلای كابراو دەڵێت: من بۆ ئەم كارە دروست نەكراووم من تەنها بۆ جوتكردن و كاری كشتوكاڵی دروست كراوم، خەڵكی وتیان ( سبحان الله !)"واتە سەریان سوڕما كە ئاژەڵ بێتە قسە !" پێغەمبەریشﷺ فەرموی من ئیمانم بەم ڕوداوە هەیە، هەروەها ئەبو بەكر وعومەریش، ڕەزای خوایان لێبێت.[1]

## چوارەم : شوێنكەوتن و گوێڕایەڵی و ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازەكەیﷺ :

هەڵسوكەوت و كردەوەكانی پێغەمبەرﷺ، بۆ ئەوەیە كە ئێمە شوێنی بكەوین و بیكەین بە پێشەنگی خۆمان، چونكە خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُواْ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْآخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾ [الأحزاب: ٢١].

واتە:( بەڕاستی پێغەمبەری خوا سەرمەشقێكی هەرەباشە بۆ كەسانێك كە ڕەزامەندی خواو بەدەستهێنانی قیامەتیان مەبەستە و زیكری خوا زۆر دەكەن ).

( إبنُ كَثير ) دەڵێت: ئەم ئایەتە بنەمایەكی گەورەیە بۆ شوێنكەوتنی پێغەمبەرﷺ **لەگوفتارو كردارو شێوازدا**، بۆیە خوای گەروە فەرمانی كردووە بە خەڵك كە شوێن ئەو پێغەمبەرەﷺ بكەون لە ( ڕۆژی ئەحزاب ) دا لەبارەی

---

[1] أخرجه البخاري في عدة مواضع منها: (١٥٢/٦ و ١٨/٧ و ٤٢).

ئارامگرتنی و خۆگری و مانەوەی لە سەنگەردا و جیهاد کردنی و چاوەڕوانیکردنی سەرکەوتن لە لای خوای پەروەردگاریەوە.[1]

هەروەها خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا فەرمانی داوەو واجبی کردووە لەسەرمان کە گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بینﷺ، وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ ﴿٧﴾﴾ [ الحشر: ٧]. واتە:( ئەوەی پێغەمبەر بۆی هێنان وەریبگرن، وە هەرچیشی لێ قەدەغەکردون لێیگەڕێن ).

وە خوای گەورە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەریﷺ کردووە بە بەشێك لە گوێڕایەڵی خۆی، وە فەرمویەتی: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ۖ ﴿٨٠﴾﴾ [النساء: ٨٠].

واتە:(هەرکەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکات ئەوە گوێڕایەڵی خوای کردووە).

هەروەها فەرمانی پێکردوین کە لەکاتی دروست بونی کێشەو مشتومڕدا بگەڕێینەوە بۆلای پێغەمبەرﷺ وە فەرمویەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ وَأُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَـٰزَعْتُمْ فِى شَىْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴿٥٩﴾﴾ [ النساء: ٥٩].

واتە:( ئەی کۆمەڵی بڕواداران! گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوداو کاربەدەستانی خۆتان بن، هەرکاتێکیش لەسەر شتێ لە نێوخۆتاندا پێك نەهاتن،

---

[1] تفسير القرآن العظيم( ٣/٤٧٥).

کێشەی خۆتان ببەنەلای خواو پێغەمبەری خودا، ئەگەر بڕواتەن بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، ئەم کارە بۆتان باشترەو ئەنجامی چاکتری هەیە ).

وە بەلێشاو فەرمانی پێغەمبەرمان پێگەیشتووەﷺ دەربارەی هاندان بۆ گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی، وە خۆڕازاندنەوە بەسوننەتەکانی و ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازەکەی و بە گەورەدانانی فەرمان و دورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی، لە وانە ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەرەﷺ کە دەفەرموێت : (فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ مِنْ بَعْدِي الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ تمسكوا بها عُضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ).[١]

واتە: ( شوێن سوننەتەکانی من و سوننەتی جێنشینە پێگەیشتوو هیدایەتدراوەکانم بکەون، دەست بگرن بەو سوننەتەوە و بە ددانەکانتان توند بیگرن، وە نەکەن شوێن کارە داهێنراوەکان بکەون، چونکە هەموو داهێنراوێك لە دیندا بیدعەیە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە).

وە پێغەمبەرﷺ دەربارەی نوێژ دەفەرموێت: ( صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي )[٢].

واتە ( منتان چۆن دیوە نوێژدەکەم ئێوەش بەو شێوەیە بیکەن ).

---

[١] أخرجه أحمد (١٢٦،١٢٧/٤)، وأبو داود (١٣/٥-١٥)، والترمذي ( ٤٤/٥ )، وابن ماجة( ١٦/١).

[٢] أخرجه البخاري (١١١/٢ و ٤٣٨/١٠)

وە دەربارەی حەج کردن دەفەرموێت: ( لِتَأْخُذُوا عَنِّي مَناسِكَكُمْ )[1]

واتە (بۆ ئەوەی کارو باری حەج کردنتان لە منەوە وەربگرن ) .

ئـیتر گوێڕایـەڵی پێغەمبـەرﷺ نمونەیـەکی دیـارە بـۆ بەڕاستخسـتنەوەی ئـەو خۆشەویسـتیەی کـە لەناودڵدایـە، بۆیـە هــەتاکو خۆشویسـتن زیادبکـات بــۆ پێغەمبـەرﷺ گوێڕایـەڵی کردنیشـی زیـاد دەکـات، لـەو بارەیـەوە خـوای گـەورە دەفــــەرموێت : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ (٣١) ﴾ [ ال عمـران: ٣١].

واتە( بڵێ ئەگەر ئێوە خوای خۆتـان خـۆش دەوێت، دەی شـوێن ڕێبـازی مـن بکەون با خواش ئێوەی خۆش بوێت ).

چـونکە گوێڕایــەڵی کردنــی، یــە کێکــە لــە بەروبومــەکانی خۆشویســتنی، شاعیرێکیش دەڵێت :

تعصى الإله وأنت تزعم حبه *** ذاك لعمري في القياس بديع

لو كان حبك صادقاً لأطعته *** إن المحب لمن أحب مطيع

---

[1] أخرجه مسلم (٢/٩٤٣)

سەرپێچی خودا دەکەیت و دەڵێیت کە خۆشم دەوێت
ئەم گوتەیەت بەو خودایە، بەڵگەو نیشانەی دەوێت
هەرگیز فەرمانی ناشکێنی گەر خودای خۆت خۆش بوێت
چون هەموو کەس گوێ ڕایەڵە بۆ یەکێك خۆشی بوێت

## حوکم کردن بە سوننەت و شەریعەتەکەیﷺ:

ڕازی بوون بە حوکمی سوننەتەکانی پێغەمبەرﷺ یەکێکە لە بنەماکانی خۆشەویستی پێغەمبەروﷺ شوێن کەوتنی، ئیمانی ئەوکەسە دامەزراونی یە کە ڕازی نەبێت بە شەرع کردنی و بە تەواوەتی تەسلیمی نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾ [النساء: ٦٥].

واتە: ( بەڵام نەخێر، سوێند بە پەروەودگاری تۆ، ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگەر وەختێ کە لەکێشەو هەرای نێوان خۆیان – ئەی موحەممەد – بتکەنە دادوەر، وە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەیت لە دڵەوە ڕەزامەندبن، و بە تەواوی مل کەچی بن ).

هــەروەك چــۆن خــوای گــەورە نیشــانەی لادان و دوورِوویــی ڕون کردۆتــەوە کــە پشــتکردنە ســوننەتەکانی پێغەمبــەرەوﷺ ڕازی نەبوونــە بــە حوکمــەکانی، خــوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ ﴾ [ النساء: ٦١،٦٠].

واتە:( ئایا ئەوانەت نەدیوە، خۆیان وادەردەخەن بەو قورئانــەی بۆتــۆ هاتۆتــە خوارەوەو بەو کتێبانەش کە بەر لە تۆ نێردراون بڕوادەکەن، دەشیانەوێ کێشەیان بەرنە لای طاغوت، فەرمانیشیان پێدراوە حاشای لێبکەن، دیارە شەیتان دەیەوێت لە ڕێگەیان هەڵە بکات، ئەگەر بێت و پێیــان بڵـێن : وەرنــەلای ئــەم قورئانــەوە کــە خوا ناردویەتیە خوارێ و وەرنە لای ئەم پێغەمبــەرە، دووڕوەکــان دەبــینی کــە زۆر بەتوندی ڕویان لە تۆ وەردەگێڕن ).

## زیادەڕەوی لە خۆشەویستی پێغەمبەردا – صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلّمَ –

هەنــدێك کــەس لــە ســەر ڕێــڕەوی پێغەمبــەرﷺ لایــان داوەو، شــتانێکی وایــان داهێناوە لەدینی خوادا کە لەڕاستیدا لە دینــدا نیــە، ئــیتر بــە ویســتی خۆیــان شــت دەگۆڕن و شت زیاددەکەن بۆ دینەکەی، وە زیادەڕەوی دەکــەن لــە خۆشەویســتی

پێغەمبەرداﷺ بە شێوەیەك کە لە سەر ڕێگاڕاستەکە نەماون و ترازاون، ئەو ڕێگاڕاستەی کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت:

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ [ الأنعام: ١٥٣].

واتە ( ئەمەیە ڕێگای ڕاستی من، ئێوە هەر بەو ڕێگایەدا بڕۆن و مەچنە سەر ڕێچکەکانی تر، نەوا لە ڕێگای ئەو دورتان بخەنەوە، ئابەم شێوەیە پەروەردگار ئامۆژگاریتان دەکات بەڵکو تەقوای خوا بکەن ) .

چونکە پێغەمبەریشﷺ زۆر سور بووە لەسەر پاراستنی یەکخواپەرستی (التّوحید ) وە ئاگاداری کردوینەتەوە لە زیادەڕەوی کردن لە مافەکانی، ئاگادارکرنەوەیەکی زۆر توند، بەڵگەی ئەم گوتەیەش زۆرە لە فەرمودەکانیدا.

ئەوەتا ( عُمر ی کوڕی الخَطّاب ) ڕەزای خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بووﷺ، دەیفەرموو: ( لاَ تُطْرُوِنِي كَمَا أَطْرَتْ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا: عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ )[1].

واتە: ( من هەڵمەنێن وەك چۆن گاورەکان کوڕەکەی مەریەمیان هەڵنا، من تەنها بەندەیەکی خوام، تەنها پێم بڵێن، بەندەو نێردراوی خوا ).

---

[1] أخرجه البخاري في عدة مواضع منها( ٦/٤٧٨ )

وه دایکی ئیمانداران ( عَائِشة ) ڕەزای خوای لێبێت، گوتویەتی پێغەمبەر ﷺلە سەرەمەرگدا دەیفەرمو: ( لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا )[1]

واتە ( نەفرەتی خوا لە جولەکەو گاورەکان بێت، چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکرد بە مزگەوت، دەی ئەوا من ئەو کارەتان لێ قەدەغە دەکەم، ئاگاداری دەکردینەوە لەو کردەوەیەی ئەوان ).

وه لە( عَبد الله ی کوڕی عَبّاس )ەوە ڕەزای خوایان لەسەر بێت، دەڵێت، کابرایەك بە پێغەمبەری گوتﷺ: ( ما شاءَ اللهُ وَشِئْتَ ).

واتە:( بە ویستی تۆو خودا )، ئیتر پێغەمبەرﷺ پێی گوت: ( جَعَلتَني لِلهِ عَدْلاً، بَلْ قُلْ ما شاءَ اللهُ وَحْدَهُ ).

واتە:( منت خستە هاوتای خواوە؟ بەڵکو بڵێ، تەنها بەویستی خوا).[2]

[1] أخرجه البخاري (٨/١٤٠)، ومسلم (١/٣٧٧).

[2] أخرجه أحمد ١(/٢١٤ و ٢٨٣ و ٣٤٧).

وە لە ( أَنَس )ەوە دەڵێت، کابرایەك گوتی: (يَا مُحَمَّدُ ! يَا سَيِّدَنَا وَابْنَ سَيِّدِنَا ! وَخَيْرَنَا وَابْنَ خَيْرِنَا ! )، واتە:( یا محمد! ئەی سەییدمان کوڕی سەییدمان، ئەی باشترینمان کوڕی باشترینمان ).

ئیتر پێغەمبەرﷺ فەرموی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قُولُوا بِقَوْلِكُمْ وَلَا يَسْتَهْوِيَنَّكُمْ الشَّيْطَانُ أَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ وَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهِ مَا أُحِبُّ أَنْ تَرْفَعُونِي فَوْقَ مَا رَفَعَنِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ)[1]

واتە: ( تەنها گوتەی خۆتان بڵێن و مەهێڵن شەیتان بەسەرتاندا زاڵبێت، من محمدی کوڕی عەبدوڵام، بەندەو نێردراوی خوام، سوێند بەخوا حەزناکەم لەو پلەیەی خۆم بەرزترم بکەنەوە کە خوای خۆم پێی بەخشیووم) .

وە هاوشێوەی ئەم فەرمودانە زۆرزۆرن، وە سودو بەرهەمی هەمویشیان ئەوەیە کە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە پێغەمبەرﷺ تەنها بەو شێوەیە دەبێت کە خۆی بۆی داناوین و خۆی پێی خۆشە، و کردویەتی بە سوننەت بۆمان، بۆیە هەر خۆی ( عَلَيْهِ أَفْضَلُ الصَّلاةِ وَالسَّلامِ ) فەرمویەتی : ( مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ ).[2]

---

[1] أخرجه أحمد (١٥٣/٣ و ٢٤١).

[2] أخرجه مسلم(١٣٤٤/٣)

واتــە ( هــەر کەسـێك کارێـك ئـەنجام بـدات – لـە دینەکەمانـدا – کـە ئیمـە فەرمانمان پیٚ نەدابێت ئەوا ئەوکارە ڕەت کراوەیە ).

## ڕاستی ئاهەنگی لەدایك بونی پێغەمبەرﷺ :

ئەم دیاردەیە لە سەردەمی دەوڵەتی ( العُبيدية الباطِنية )کان سەری هەڵدا، کـە بەگومانی خۆیـان خۆشەویسـتیان بـۆ پێغەمبـەرﷺ دەردەبڕی، پاشـان لەزۆربـەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا بلاو بۆوە، وە درێژەی کێشا تاکو ئەم سـەردەمەی خۆشمـان، ئـیتر وای لێهـات کـە ( ١٢ی ڕەبیعـی یەکـەم ) کـرا بەجـەژنێکی ئاشـکرا لـەلای زۆربەی بیدعە چیەکان، کە تیایدا کۆدەبنەوەو دەست دەکەن بە هـۆنراوە هەڵـدان بەسەر پێغەمبەرداوﷺ خوێنـدنی ویـردی تایبـەت بـە صـۆفیەکان، وە دەیکـەن بـە ئاهـەنگ و شـادی، جـاری وا هەیـە شـیرك و هاوەڵدانانیشـی تێکەڵاودەکـەن، وەك پاڕانـەوەو داوای یارمـەتی کـردن لـە پێغەمبـەرﷺ، وە لەوانەیشـە تێکـەڵاویی ژن و پیاویشی تێدا بێت و گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقایشی تێکەڵ بکەن.

دیارە گۆڕینی ئەم ئیسـلامە بـە هەنـدێك نـەریتی ئـاینی (بـت) پەرسـتان و هـۆنراوەی ئـاوازدارو تـەپڵ و زوڕنـا لێـدان و سـەماکردن و خۆخسـتن بـەملاولادا، وەدارنینی ئیسلام لە پاکی و پاکژیەکەی، جۆرێکە لە چواندنی دینەکەمان بە شتی بەتاڵ و ئەفسانەو بیٚ بنەماوە.

ئـیتر هـەتاکو ئـەو سـاویلکەییە لـە بیرکردنـەوەدا، سەرپەرشـتیاری کاروبـاری دنیای ئیسـلام بێـت، ئـەوا کاردانـەوەی سـەرۆکەکان بردنـە ژورەوەی ئەسـپەکانی (ناپلیون)ـە بـۆ نـاو( ئەزهـەری شـەریف )، وە کۆبونـەوەی پیرەکانـە بـۆ تەبـەڕك وەرگـرتن لــە فــەرمودەکانی پێغەمبــەرﷺ کــە لــە ( صحيح البخاري )یــدا گێڕدراونەتەوە ! نەك بۆ کارپێکردنی !

بۆیە هەتاکو بەڵاو ناهەمواری بە دەوری موسوڵمانانەوە بێت، دەروێشەکان لە زیاد بوندادەبن، دەکەونـە سـەرەلەقێ و دەنگیـان هەڵـدەبڕن بـە گـوتنی سـروود و هەندێك ویرد و پیاهەڵدانی ناشەرعی بەسەر پێغەمبەرداﷺ.

ئێستا ئاهەنگ گێڕان بـۆ یـادی لـە دایـك بـونی پێغەمبـەرمانﷺ وای لێهـاتووە لەلای خـەڵك بەگشـتی و کەسـە تایبەتیـەکانیش، بـوە بـە نیشـانەی خۆشەویسـتی پێغەمبەرﷺ، وە ئەوەیشم لەیادە کە چەند ساڵێك لەمەو پـێش بـە سـەردان چـووم بۆ یەکێك لە وڵاتە ئیسلامیەکان، لە سەرەتای مانگی ڕەبیعی یەکـەم، سـەیردەکەم زۆربەی خەڵك سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ یـادی لـەدایك بـونی پێغەمبـەرﷺ کە لە دوانزەی ئەو مانگەدا دەکرێت، بۆیە منیش لە گـەڵ مامۆسـتایەکی گـەورەی دەرچـوی زانکۆئیسـلامیەکان کەوتمـە وتوویـژ دەربـارەی ئـەوەی کـە ئـەو یـادە بیدعەیە و لە دیندا نییە، لە دوای بیستنی بەڵگـەکان لـە زاری منـەوە، لـە وەڵامـدا هیچی پێ نەما تەنها گوتی: (هذا صحيح، ولكن هذا سيدنا النبي!! )، ( ئەمـەی کـە دەیڵێیت ڕاستە، بەڵام ئەوەی کـەیادی دەکەینـەوە سـەروەرمان پێغەمبـەرە ! ! ) ،

ئیتر لەویادا بیری گوتەی صوفیە لە سنوردەرچووەکانم کەوتـەوە کـە دەڵـێن: (مَنْ أَرَادَ التَّحْقِيقَ – يَعْنِي تَحْقِيقَهُمْ – فَلْيَتْرُكْ الْعَقْلَ وَالشَّرْعَ! ) [1]

واتە ( هەرکەس دەیەوێت بگات بە حەقیقەت"ئەوەی کە خۆیـان ناویـان نـاوە حەقییەت"، ئەوا با شەرع و عەقڵ بخاتە ئەولاوە )، وە ئەو گوتەیەی ( اِبنُ تَيمية ) ڕاسـتە کـە دەربـارەی لـە سنوردەرچـوەکانیان دەڵێـت: (كُلَّمَا كَانَ الشَّيْخُ أَحْمَقَ وَأَجْهَلَ كَانَ بِاَللَّهِ أَعْرَفَ وَعِنْدَهُمْ أَعْظَمَ )[2]

واتــە ( هــەتاکو شــێخەکانیان نــەزان و بــێ مێشــکتربێت، ئــەوا لــەلای ئــەوان بەرێزترە و بەگومانی خۆیان شارەزایی دەربارەی خوا زیاترە).

لێرەدا جیاوازیەك هەیە کەشایەنی بیرلێکردنەوەو تێڕامانە، ئەویش ئەوەیە کـە هەنــدێك کــەس شــەوو ڕۆژ سەرپێچــی فەرمانــەکانی پێغەمبــەر دەکــەن ﷺ، وە فەرمانـەکانی زۆر بـێ ڕێـز تەماشـادەکەن، وە سـوننەتەکانی فـەرامۆش دەکـەن، کەچی ڕێزێکی تایبەت دادەنێن بۆ یادی لە دایك بونەکەی، وە خـۆش ویسـتن و ڕق لێ بونەوەی لەسەر ئەو یادەیە، ئیتر پێی وایـە هـەموو خۆشەویسـتی پێغەمبـەر ﷺ لـە زیندوکردنـەوەی ئـەو یـادەدا کۆبۆتـەوە، تـەنها لـەو ڕۆژەدا وەسـف و سـەنای

[1] مجموع الفتاوى (٢٤٣/١١).

[2] مجموع الفتاوى (١٧٤/٢).

پێغەمبەرﷺ بکەن و هەندێك زیکری تایبەتی تیا بخوێنن لە دوای ئەوە چی دەکەن بابیکەن لە نافەرمانی و ناشەرعی...؟!

وە ( شیخ محمد رشید رضا ) ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەڵێت: (من تتبع التاريخ يعلم أن أشد المؤمنين حباً واتباعاً للنبي -ﷺ- أقلهم غلواً فيه ولاسيما أصحابه رضي الله عنهم ومن يليهم من خير القرون، وأن أضعفهم إيماناً وأقلهم اتباعاً له هم أشد غلواً في القول وابتداعاً في العمل).

واتە( هەرکەس تەماشەی مێژوو بکات، بۆی دەردەکەوێت کە ئەو ئیماندارانەی زۆرترین شوێن کەوتن و زیاترین خۆشەویستیان هەیە بۆ پێغەمبەرﷺ ئەوانەن کە کەمترین لە سنوردەرچونیان کردووە دەربارەی، بە تایبەتی ئەسحابەکان و خەڵکانی دوای ئەوانیش لە سەدە پڕفەڕەکاندا، وە ئەوانەیش کە ئیمانیان لاوازەو کەمترین ڕێژەی شوێن کەوتنیان هەیە بۆی، ئەوا زیاترین لە سنوردەرچونیان هەیە لە گوتەکانیاندا و لە ئەنجامدانی کردەوە داهێنراوەکاندا ).

جێگەی سەرسوڕمانیش نییە، کە لەم ڕۆژگارەماندا ڕۆژی لەدایك بونی پێغەمبەرﷺ گرنگی پێدەدرێت لەلایەن دەوڵەتە( عەلمانی ) یەکانەوە و توانایەکی زۆری بۆ دەخرێتە گەڕو لە زۆربەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا ئاماژەی پێدەکرێت، چونکە خۆیان باش دەزانن کە ئەو دەروێش و موریدانە مەترسیان نییەو کارەکانیان لە هەندێك ویرد و پیاهەڵدانی پێغەمبەرﷺ تێناپەرێت

و تەنانەت هەندێك لەو ئاژەڵ سەربڕینانەی کە بەناوی مەولودەوە دەکرێن، لەسەر گۆڕو مەزارەکان، لە هەندێك وڵات بوون بە سەرچاوەی داهاتی وەزارەتەکانی ئەوقاف و گەشتوگوزار، بۆیە لەو بارەیەوە ( حافظ إبراهیم ) لە الدیوان، (ج١، ص ٣١٨). لە شیعرێکدا دەڵێت:

أَحْياؤُنا لاَ يُرْزَقُونَ بِدرهمٍ

وبألفِ ألفٍ تُرْزَقُ الأمواتُ

منْ لي بحظِّ النائمين بِحُفرةٍ

قامَتْ على أَحْجارِها الصَّلواتُ؟!

لە کۆتایدا دەڵێم خۆشویستنی پێغەمبەر ﷺ بیروبڕوایەکی پتەوە لە ناودڵی ئیمانداراندا، وە بەروبوم و ئەنجامی ئەو خۆشەویستیە ئەوەیە کە دەیکەنە پێشەنگی خۆیان و لە پێناو ڕێبازەکەیدا قوربانی و جیهاد دەکەن و خۆیان دەکەنە قوربانی بۆ سەرخستنی دینەکەی و بەرزی ئاڵاکەی و پاراستنی سوننەتەکانی، وە لە نێو خۆشەویستانی پێغەمبەردا ﷺ جێگەی بێ توانایی و شیوەن و واوەیلا نابێتەوە، ئەو گوتەیەی ( أَنَس ی کوڕی النَضر رضي الله عنه ) چەندە جوانە کاتێك بە هۆی هەندێك لادانی خۆیانەوە موسوڵمانان توشی بەڵایەك هاتن،

ئەویش پێی گوتن ئەوە بۆ وەستاون چاوەڕێی چین؟ ئەوانیش گوتیان: دەڵێن پێغەمبەر ﷺ کوژراوە، ئەویش گوتی: دەی لە دوای ژیانی ئەو چی دەکەن؟ هەستن لەسەر ئەو ڕێبازە گیانتان ببەخشن کە ئەوی لەسەر بوو.[1]




[1] أخرجه البخاري( ٢١/٦ و ٣٥٥/٧) و مسلم (١٥١٢/٣).